کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-12-2006 10:30 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## وەفیق سامەڕائی و نەزار خەزرەجی و مەلا ئەیاد جەماڵەدین ... عەلی مەحموود محەمەد



ئەگەر کاغەزەکانی ئێستای دادگا و وتە و نامە و تەسکیپەکانی هەڵوێستەکانی ئێستاو ڕابردووی سەرانی کورد هەڵدەینەوە، لەسەر هەردوو نیشتمان پەروەر وەفیق سامەڕائی و نەزار خەزرەجی، ئەوا دەگەینە ئەو قەناعەتەی ئەو لیژنەیەی بۆ لێپرسینەوە لە فایلی فایلداران و مەعاشی تازەی جاشەکان دامەزراوە، لە بنچینەدا وەهمە و هەر لە بنچینەوە درووست نەبووە، بەڵکە تەنها دزەیەکی هەواڵی ڕۆژنامەنووسی و گاڵتەی ئەیلول و درۆی نیسان بوون، چونکە لە زووەکەوە جدییەتی بڕیارەکانی سەرانی کوردمان بۆ دەرکەوتووە.

11 ساڵ لەمەوپێش زیاتر لە 140 ڕێکخراو حیزبی سیاسی نامەیەکی گەورەو گرانیان ڕوو لە تێکۆشەری ئەوسا و موستەشاری ئێستای سەرۆك کۆماری عێراق وەفیق سامەڕائی بەرز کردەوە، تیایدا داوای چارەنووسی ئەنفالکراوەکانیان لێیکرد (نامەکە لام پارێزراوە بە ئیمزاکانەوە)، ئەو زاتە موبارەکە نەهات بە دەمیا بڵێت: ئادرەسیان ناو گۆڕە بە کۆمەڵەکانە، ئەگەر ئەو و نەزار خەزرەجی کە لە هەموو وردەکارییەکانی ئەو تاوانانە ئاگادار بوون، بچوکترین زانیارییان بدایا، ئەوا دەیان و سەدان ژن و دەستگیران، کچ و بێوەژن، پیاو لاو، چارەنووسی ئازیزانیان دەزانی و دوڵییان ناما، چارەنووسی ژیانی خۆیان یەکلا دەکردەوە، وەك ئێستا بە تەنیاو لە بێکەسی بە وجاخ کوێری ناژیان.

ئەوان نە زانیارییان دا، نە وشەیەکیان لەسەر ئەو تاوانانە درکاند، نە بەرپرسانیش پاڵەپەستۆیان خستە سەریان و وشەی زبریان بەرامبەریان بەکار هێنا، تاکو لە کوردستان بوون، معەزەزتر و مکەڕەمتر لە هەموو کەس و کاری قوربانیان ژیان.

کە هاتنە هاندەرانیش، کە ڕکێشرانە پای دادگا، ئەوکات کرانە تێکۆشەر و نیشتمان پەروەر، نامەکانی ئەوان بۆ وەزارەتی دادی دانمارکی گەواهی ئەو ڕاستییەن، بەڵگەنامەکانی ئەم چەند ڕۆژانەی دادگاش، بە هەقیقەت سەلماندی ئەوان لە ڕابردوو لە ئێستادا تێکۆشەر و نیشتمان پەروەر بوونە، وەلێ بە دیووە فاشی و بەعسییەکەی.

کاك ف ع ئەندامی مەکتەبی سیاسی یێك لەناو سەدان کەسی بەشدار بوو لە سمینارێکەی تۆڕی ئەنتەرنێت بە منی وت: نەزار خەزرەجی پەیوەندی بە شۆڕشەوە هەبووە.

ئەمە ڕاستی تیابوو، دادگای عێراقیش سەلماندی، ڕێك وابوو لە گۆپتەپە و هەڵەبجە بە ڕوحییەتی تەنزیمبوونەوە وەشاندی و سەری منداڵی یەکساڵەی کوردی بە پۆستاڵ پانکردەوە، ئەگەر ئێستا چاوترسێنی خەڵکی گۆپتەپە نەکەن، ئەوا شایەدییان هەیە.

دوێنی ئەوانەی شکاتیان لە خزرەجی کرد، کرانە پیاوی بەعس، هەرچەندە پاش ئاشکرابوونی فایلەکان ئەو ڕاستییە سەلمێنرا، کورد جگە لەوان فایلداری دیکەی شك نابرد، بەڵگەنامەکانی دادگای باڵای تاوانەکان شایەدن ئەوان لە پەپولە بێتاوانتر بووم بەرامبەر بە کورد، ترسی ئەوەم هەیە ئەوانەشی شکاتیان لە وەفیق کردبێت، بکرێن بە ئەمیری قاعیدە و قیادەی قوتری بەعسی هەڵوەشاوە و...

وەفیق و نەزار قەت ڕزگاریان نابێت لەدەست لێپرسینەوەی خودی قوربانیانی کورد، دەسەڵاتدارانیش چییان پێ دەبەخشن و چۆن خەرمانلۆغەی دەنگەدرانی کوردیان لە کۆش دەکەن ئەوە کاتییە و دڵسۆزی ئەوانە بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان، خۆشەویستان ئایا بە بڕوای ئێوە کاتی ئەوە نەهاتووە، ئەوەی داکۆکیشیان لێبکات لە ئێستا بە دواوە بە تاوانی خیانەت بە قوربانیان ڕاکێشرێنە پای دادگا؟.

دیارە ئەوان عەرەبن، ئەیاد جەماڵەدینیش هەر وەك ئەوان ڕەگەزی عەرەبە، کە داوای چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باکووری کوردستان دەکات، ئەگەر نەزار خەزرەجی لەمڕۆدا هەڵاتوو نەبوایا، بە بڕوای ئێوە ئێستا لە وەفیق سامەڕائی جێگە و شوێنی گەرمتر نابوو، لە ئەیادەدین جەمالەدینیش لای سەرانی کورد خۆشەویستتر نابوو؟، مردم بۆ وەڵامێك ڕاستگۆیانە دوور لە بۆنی کورسی بەغدا.